# جوانی یه وەریوەکان

( سارا فەقی ٚخدر )




پیشانگای ئەمسالٚمان جودایە
تـابلۆکان ،ملوانکەو خەزییٚمەی پچڕاون
قردێلەوبازنن
بیٚ بۆیەوبیٚ فلٚچە نەخشاون
دەوەرن بپرسن
خاوەنیان لەکویٚ یە؟
***
خەلٚک دیٚ ودەڕوانیٚ
دیمەنیان تارمایی دەهیٚنیٚ بەهەستی بینیندا
ویژدان دیٚو دەڕوانیٚ
فرمیٚسک قەتیس و
هاواریٚك لەبۆتەی ووتندا بیٚدەنگە!
***
ئەوکاتەی تابلۆکان بەتەنیان
دەکەونە ئاخاوتن
هەریەکەو چیرۆکیٚ
هەریەکە ورۆمانیٚ!
ملوانکە :-
ئاسمان نارنجی دەچووە
شلٚپەیەك بیٚدەنگی شلٚەقاندو
لەکەنار ئاوەکەی دوکاندا
بیٚ خاوەن بەجیٚمام
لەوساوە هەستدەکەم خنکاوم !
***
خەزیٚم :-
لەلووتی ژنیٚکی ئەسمەرو بزیٚودا
شەویٚکیان هەستمکرد

کەوتوومە لا فاوی خوێنەوە
لەوساوە بە پساوی دەگەڕێم!
***
قردێله :-
کچێکی پرچ درێژ
هەموو ڕۆژ ئاوێنە پێی دەووت
حەزدەکەم ببیتە پزیشك
ئەوڕۆژەی بڕیاردرا بیکەنە بووکێکی ناوەخت
بڵێسەی ئاگرێك ،فڕێیدامە سووچێك و
لەوساوە شیوەنی بۆدەکەم !
***
بازن :-
ژنێکی قژ زەردی یاخی
ڕۆژانی تووڕەیی وئێخە دڕین
دەیخستمە کە نتۆری تاریك و
کاتێکیش کە عیشق لە خوێنی دەگەڕا،،،
مە چە کی بلورینی دەکردە مەنزڵم
شەوێکی قە ترانی ،،
پێکە وەپێکراین!
***
سیدی:
کچێکی سەر کە شم دەناسی
تارمایی یەك بەبەرگی ئەوروپی و
بەمێشکی لاوێکی ئەشکەوتی شانەدەر
هێرشی بۆهێناو
نەگەیشت گۆرانیم ببیستێ!

***

سەعات :
ژنێکی قژڕەشی دڵشکاو
ئەفسانەی نێو تەم و بەر باران
پێکەوە خراینە نێو جانتایەك
ئەوکاتەی زنجیریان ترازاند
دڵی ئەو لەتر پە وەستا بوو
بەڵام من چرکەچرك لێمدەدا!
* * * *
کارگەیەك لەمۆممان گەرەکە
بۆگۆڕی ئەو شلکە یاخیانەی
بێ پرسەومەراسیم
بێ گوڵ و بێ شیوەن ڕۆیشتن
هەزاران گورزە لە تیشك
بۆئەو دلانەی
خەریتەی ( جوانی ) یان لێ وونە
تا ناوی ووڵات و پایتەختی ( وەرین )
نەمێنێ
* * * *